ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/380375583

# ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا Style of Interference of Genres in the Poems of Sherko Bekas

**Article** *in* Koya University Journal of Humanities and Social Sciences · April 2024

DOI: 10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp300-309

CITATIONS
0

READS
8

**2 authors:**

Osman Hamad Dashti
Koya University
**40** PUBLICATIONS **0** CITATIONS
SEE PROFILE

Avin Asos Hama
uor.edu.krd
**3** PUBLICATIONS **0** CITATIONS
SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Avin Asos Hama on 07 May 2024.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# ئاوێتەبوونی ژانرەکان لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا

**ئەڤین ئاسۆس حمە[1]، عوسمان حەمەد خضر دەشتی [2]**

[1,2] بەشی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

لە ڕوانگەی مێژووییەوە، لە تیۆرە کۆنەکانی ئەدەبدا سنووربەندی لەنێوان ژانرە ئەدەبییەکاندا هەبوو، بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی تیۆرەکانی ئەدەب و بەرەوپێش چوونی ڕەخنەی ئەدەبی، سنووری نێوان ژانرەکانی ئەدەب بەرەو کاڵبوونەوە چوو، بەمەش ژانرەکان لە ڕێگای جیاوازەوە سوودیان لەیەکتر وەرگرت، ئەمەش زۆرجار لە ڕێگای ئاوێتەبوون و بەناویەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان هاتووەتە ئاراوە. لەم ڕوانگەیەوە؛ ئاوێتەبوونی ژانرەکان یەکێکە لە دیاریدەکانی گەشەسەندنی تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان کەوا ژانرێک لەگەڵ ژانرێکی تر تێکەڵی یەکتر دەبن، بەمەش ژانرێکی نوێ دێتە ئاراوە کەوا ئەدگار و خاسیەتی هەردوو ژانرەکە لەخۆیداکۆدەکاتەوە .

شێرکۆ بێکەس، هەر لە سەرەتای ئەزموونی ئەدەبیدا، پەنای بۆ ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان بردووە، بۆ ئەم مەبەستەش سوودی لە شێوازە جیاوازەکانی ئاوێتەبوونی ژانرەکان بردووە، لەبەرهەمەکانیدا ئاوێتەبوونی دوو ژانر لە بۆتەی ژانرێکی نوێ یان فۆرمێکی ئەدەبی نوێ بەرچاودەکەوێت، لەوانەش چیرۆکە شیعر، ڕۆمانە شیعر، پەخشانە شیعر. لە دواین وێستگەی ئەدەبیدا دەقی واڵا وەک ژانرێکی نوێ و سەردەم دەهێنێتە ئاراوە.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات، شێوازەکانی ئاوێتەبوونی ژانرەکان لە شیعرەکانی شاعیردا ڕوونبکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکەمان لە چەند تەوەرێک پێکدێت، لەتەوەری یەکەم و دووەمدا بەشێوەیەکی تیۆری کارمان لە ناساندنی چەمکی ژانرە ئەدەبییەکان وئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان کردووە، بەشێوەیەکی پراکتیکیش لە تەوەری سێیەم و چوارەمدا ئاوێتەبوونی ژانرەکان لە ئەدەبی کوردی و شێوازەکانی ئاوێتەبوون لە شیعرەکانی شێرکۆدا باسکراوە. بۆ ئەم مەبەستەش نموونەکانمان لە بەرهەمەکانی شاعیر وەرگرتووە. لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە بەردەست.

**وشەسەرەکییەکان:** ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان، پەخشانە شیعر، چیرۆکە شیعر، ژانرە ئەدەبییەکان، شێرکۆ بێکەس .

## 1[1]. پێشەکی

ژانرە ئەدەبییەکان چ وەکو چەمک و چ وەکو زاراوە لە سەردەمە جیاجیاکاندا پێگەیەکی بەرچاوی لە نێو شیکردنەوە و ڕاڤەی کارە ئەدەبییەکاندا هەبووە، لەبەرئەوەشە بووەتە بابەتی گفتوگۆ و گەنگەشەی نێوان نووسەران و ڕەخنەگران، ئەمەش زۆر بەسانایی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەدەب چیتر وەک کردەیەکی دابڕاو و دوورەپەرێز خۆی نانوێنێت، بەڵکو کردەیەکە لە ئەنجامی تێکەڵاوبوون و ئەو کاریگەرییەی لە نێوان کردە ئەدەبییەکانەوە هەیە، پەیدادەبێت. هەر کارێکی ئەدەبیش کۆمەڵێک خەسڵەت و ڕەگەز لەخۆدەگرێت کە هەریەکەیان جیاوازن لەوەی تریان. بە تێپەڕبوونی کاتیش ژانرە ئەدەبییەکان لە یەک دۆخی چەسپاو و جێگیردا نەماونەتەوە، بەڵکو بە

[1] گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢ (٢٠٢٣)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٩ شوبات ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٢٥ ئایار ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٦ نیسان ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: avin.asos@uor.edu.krd ، osman.hamad@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٣ **ئەڤین ئاسۆس حمە، عوسمان حەمەد خضر دەشتی**
گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp300-309

گۆڕانی ڕۆژگار و بەرەوپێشچوونی ئەدەب، ژانرە ئەدەبییەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکانیش ڕوویەکی گەشی بەرەوپێشچوونی ئەدەبە. ئاوێتەبوونی ژانرەکانیش بەیەک شێواز و شێوە نەبووە، بەڵکو بەچەند شێوازێک بووە و شاعیران بە پێی سروشت و ئەزموونی ئەدەبیی خۆیان پەیڕەویان کردووە. لەم ڕوانگەیەوە شێرکۆ بێکەس لە ئەزموونی ئەدەبی خۆیدا، چەند شێوازێکی لە ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکاندا بەکارهێناوە، لەم توێژینەوەیەشدا هەوڵمانداوە ئەو شێوازانە لە ئەزموونی شیعریی شێرکۆ بێکەسدا شیبکەینەوە و نموونەی شیعری لە چەند بەرهەمێکی شاعیردا بخەینە بەردەست کەوا ئەو شێوازانە ڕووندەکاتەوە

## ٢-چەمکی ژانرە ئەدەبییەکان: پێناسە

هەر چەمکێکی ئەدەبی خودان پێناسەی جۆراوجۆرە و بەپێی سەردەم و قۆناغەکان یان لە ڕوانگەی تیۆریزان و ڕەخنەگرانەوە بە شێوازی جیاواز پێناسەی کراوە. چەمکی ژانرە ئەدەبییەکانیش پێناسەی جیاواز لەخۆدەگرێت و هەر نووسەر و ڕەخنەگرێک لە ڕوانگەی هزری خۆیەوە لێیدواوە، خودی زاراوەی ژانرە ئەدەبییەکان جیاکارییە لە نێوان هونەرەکانی ئەدەب و ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی، هەر هونەرێکیش فۆڕم و پێکهاتە و زمانی تایبەت بەخۆی هەیە کەوا جیای دەکاتەوە لە هونەرەکانی تر (منصوری، ٢٠١٥: ١٢٨). لێرەدا جیاوازی فۆڕم و بونیات وەک بنەمایەکی سەرەکی دادەنێت لە هەر ژانرێکدا، بەمەش هەر ژانرێک فۆڕمێکی تایبەت بەخۆی دەبێت، بۆ نمونە داستان، یا شیعری لیریک فۆڕمی تایبەت بە خۆیان هەیە و جیاوازن لە یەکتریش. (سیروس شمیسا) لە پێناسەی ژانردا دەڵێت (ژانرە ئەدەبییەکان لقێکی تیۆری ئەدەبییە و پۆلێنکردنی کارە ئەدەبییەکانە لەسەر بنەمای خەسڵەتە دەرەکی و ناوەکییەکان) (داد، ١٣٨٥: ٥٨). لێرەدا خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ڕوخسار و ناوەوەی دەق دەبنە بنەمای جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی دەقە ئەدەبییەکان.

لەلایەکی ترەوە، دەگونجێت پێناسەی ژانر لەسەر بنەمای ڕواڵەتی دەرەوە بێت (درێژی، کورتی، کێش و سەروا) و زۆر جاریش لەسەر بنەمای ناوەرۆک دەبێت (هەڵوێست، ئاوازەی ناوەوە، بابەت)، بەمەش دەگونجێت، ژانر لەسەر بنەمای بوونی خەسڵەتێکی هاوبەش لە نێو کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبیدا یان بوونی چەند خەسڵەتێکی هاوبەش لەنێو بەرهەمە ئەدەبییەکاندا پێناسەبکرێت (دومة، ١٩٩٨: ٢٥). ئەم خەڵسەتە هاوبەشانە فۆڕمێکی یەکگرتوو بەو دەقانە دەبەخشێت، بەو واتایەی کۆمەڵێک دەق دەچنە خانەی یەک چوارچێوەی دیاریکراوەوە، ئەمەش وادەکات هەر دەقێک قاڵبێکی سەربەخۆی هەبێت. (مەجدی وهبە) لە (معجم مصطلحات الادب) دا بەو شێوەیە پێناسەی (الجنس الادبی) دەکات (ژانری ئەدەبی یەکێکە لەو چوارچێوانەی، کە بەرهەمە ئەدەبییەکانی تێدا دادەڕێژرێت، هەروەک چۆن بە داستان دەڵێن ژانرێکی ئەدەبییە، بە هەمان شێوە چیرۆکیش ژانرێکی ئەدەبییە) (وهبە، ١٩٧٢، ١٨٩). کەواتە هەر ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەن، چوارچێوەیەک بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان دادەڕێژن و لە یەکترییان جیادەکەنەوە، هەریەکە لەو ژانرانەش لە ڕێی ئەو دەربڕین و نووسینانەی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بۆ هەریەکێکیان خەسڵەتێکی جیاواز لەوی تریان هەڵبدەژێرێت و هەر ژانرێک لەوی تر جیادەبێتەوە، بەمەش شیعر جیاواز دەبێت لە داستان یان تراژیدیا.

(رینیە ویلک و ئۆستن وارین) جیاواز لە بۆچوونەکانی تر، ژانرەکان وەک دامەزراوە و سیستەمێک دەبینن لە بەرێوەچوونی پرۆسەی ئەدەبی بووندا، پێیان وایە ژانری ئەدەبی تەنها ناوێک نییە، چونکە جوانییە نەریتییەکان، کە لە هەر کارێکی ئەدەبیدا هەن، خەسڵەتێک دیاری دەکەن. دەشکرێت وا تەماشای ژانرە ئەدەبییەکان بکەین، کە پێویستییەکی سیستماتیکین و نووسەر پەیوەست دەکەن بە خۆیانەوە (ویلک، ١٩٩٩، ٣١٣) .

لەگەڵ هەموو ئەو پێناسانەی بۆ ژانرە ئەدەبییەکان کراون، بەڵام زۆربەی پێناسەکان لەوەدا کۆدەبنەوە، ژانرە ئەدەبییەکان لە فۆڕم و ناوەرۆکیاندا کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندی لە خۆدەگرن، بەجۆرێک هەریەکەیان جیادەکاتەوە لەوی تر و قاڵبێکی هونەرییان پێدەبەخشێت، هەروەک (عوسمان دەشتی) لەو ڕوانگەیەوە دەڵێت: ((دەشێت ژانری ئەدەبی وا پێناسەبکریت، کە بریتییە لە کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندی لە بنیات و شێواز و داهێناندا کەوا لەبەرهەمێکی ئەدەبیدا هەیە و لەوانی تری جیادەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کە ژانرەکان لە هەندێ لایەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی و شێوازدا لێکچوون لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام لە ڕووی بنیاتەوە جیاوازی هەر دەمینێت و هەر ئەم جیاوازیەشە، کە سەربەخۆیی داهێنان و نوێگەری پێدەبەخشێت)) (دەشتی، ٢٠٢١، ٦٨). لێرەوە، دەتوانین

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp300-309

بڵێین؛ ژانرە ئەدەبییەکان فۆڕمێکی ئەدەبیین، کە خەسڵەت و پێکهاتەی فۆڕمی و دیوی ناوەوەیان بڕیار لەسەر ژانری بوونیان دەدات و ژانرێک لە ژانرێکی تر جیادەکاتەوە.

## ٣- ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان:

لەگەڵ گەشەکردنی ئەدەب و تیۆرەکانی ئەدەب و فرەیی لە داهێنانی ئەدەبیدا تێڕوانینی بیرمەندان و ڕەخنەگران لە هەمبەر ژانر و تیۆری ژانرەکان گۆڕانی بەسەرداهات، بەرەو نەمانی سنوری نێوان ژانرەکان و ئاوێتەبوونی ژانرەکان هەنگاوی نا (ژانرە ئەدەبییەکان لە ڕووی پەیوەندییە ئاڵۆزەکانیان لەگەڵ دەوروبەر دەشێ لە کەسایەتی مرۆڤ نزیک ببنەوە، هەروەک چۆن مرۆڤەکان لە باوانیانەوە شێوە و فۆڕمی خۆیان وەردەگرن، یان ئەوەتا هەر مرۆڤێک خاوەن خاسیەت و تایبەمەندی خۆیەتی، بە تێپەڕبوونی کاتیش نەوەی جیاوازتر دەخاتەوە، کە ڕەچەڵەکیان بۆ جۆرە ڕەسەنەکە دەگەڕێتەوە، بە هەمان شێوە هەر ژانرێک خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و بە تێپەڕبوونی کاتیش ژانری نوێ پەیدادەبن، هەروەک چۆن هونەری شیعر چەند ژانرێکی تری لێدەبێتەوە) ( دوبرو، ١٣٩٥، ١٥٩-١٦٠).

(لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە؛ کردەی ئاوێتەبوونی ژانرەکان، شکاندنی سنورەکانی داهێنانە لە تایبەتمەندی ژانری سەرەکی و وەرگرتنی ڕەگەزەکانی ژانرێکی تر و ئاوێتەکردنیان بە مەبەستی بەرهەمهێنانی حاڵەتێک یان جۆرێک لە داهێنان و ئیستاتیکا) (الاسدی، ٢٠٢٠، ٨٢). نووسەری داهێنەر هەوڵدەدات تایبەتمەندییەکانی ژانرێک بگوازێتەوە بۆ ژانرێکی تر و دەقێکی نوێ یان ژانرێکی نوێ دابهێنێت، لەم بارەیەوە (ئەحمەد ئەبو مصطەفا) لە پێناسەی ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکاندا دەڵێت: (ئاوێتەبوونی ژانرەکان بریتییە لە ئامادەبوونی تەکنیک و ڕەگەزەکانی ژانرێکی ئەدەبی لەناو دەقێک کەوا خۆی سەر بەژانرێکی ئەدەبی تایبەت بێت و کاریگەری ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆشی لەسەر ژانرە بنەڕەتییەکە هەیە) (ابو مصطفی، ٢٠١٥، ٤٤). لێرەدا کردەی ئاوێتەبوون لە ئەنجامی گواستنەوەی ڕەگەز یان تەکنیکەکانی ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی تر بەرهەمدێت، بەو واتایەی کاتێک نووسەرێک دەقێکی نوێ دەنووسێت لەژێر کاریگەری دەقەکانی تر و ئەندێشەی داهێنەرانەی خۆی ڕەگەزە بنچینەییەکانی ژانرێک دەگوازێتەوە بۆ ناو ئەو دەقە، بەمەش ژانرێکی تری نوێ دادەهێنێت، کەوا بریتی دەبێت لە هاوبەشی پێکردنی هەردوو ژانرەکە و تایبەتمەندییەکانیشیان دەبێتە خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوانیان (هەر دەقێک کاری پەیوەندیکردنە، هەموو دەقێکیش لە چوارچێوەی پەیوەندی لەگەڵ دەقەکانی تردا بوونی هەیە) (الاسدی، ٢٠٢٠، ٨١). بەم پێیە ژانرەکان لە چوارچێوەی دەقبوونیاندا بەردەوام لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندیدان، بەمەش پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی بەردەوام دەبێت. شکاندنی سنوری نێوان ژانرەکان و گەشەکردنی تیۆری ژانرەکان پەیوەستە بە کاردانەوەی ڕۆمانسیزمەکان لە بەرامبەر بۆچوونی کلاسیزمەکان و دیاردەی پاکی ژانرەکان. لە سەردەمی یۆنانییەکان و قۆناغی کلاسیزم کە تێیدا سنوری نێوان ژانرەکانیان دیاریکرد و پێیانوابوو ژانرەکان بەتەواوی لەیەکتر جیاوازن و بە نەمری دەمێننەوە، ئەگەرچی بەشێکی تر پێیانوایە ئاوێتەبوونی ژانرەکان لە ئەدەبی نوێدا شتێکی تازە نییە، بەڵکو سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان. (بادیس فوگالی) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دیاریدەی ئاوێتەبوونی نێوان ژانرەکان لە ئەدەبی نوێدا شتێکی تازە نییە، بەڵکو ئەدەبیاتی مرۆڤایەتی لە کۆنەوە پێی ئاشنابووە، هەروەک لە ئەدەبی یۆنانیدا داستان لەسەر جۆرەها ژانری تر بنیاتنراوە، بەجۆرێک وا دەرکەوتووە کەوا داستان ژانرێکی سەربەخۆیە و لەسەر خودی خۆی وەستاوە، بەڵام لە ڕاستیدا لە تێکەڵاوبوونی ژانری تر فۆڕمی خۆی وەرگرتووە (فوغالی، ٢٠٠٩، ١٧١). بەو واتایەی لە ژانرەکانی ئەدەبی یۆنانی کۆندا، دەبینین لە بەشێک لە بەرهەمەکان، یا دەقەکانی ئەو سەردەمە ژانرێک، یا زیاتر لە خۆدەگرن، هەروەک تراژیدیا و کۆمیدیای ئەو سەردەمە ئاوێتەبوون لەگەڵ شیعر، یاخود داستانی سەردەمی یۆنانییەکان هەریەک لە ژانرەکانی تری وەک چیرۆک و شیعر و ڕۆمانی لە هەناویدا هەڵگرتووە، بۆ ژانرەکانی تریش بەهەمان شێوە. بەشێوەیەکی گشتی باسکردن لە ئاوێتەبوونی ژانرەکان و شکاندنی سنوری نێوان ژانرەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆمانسییەکان کاتێک دژی سنوربەندی و چەقبەستوویی ژانرەکان وەستانەوە (توندڕەوی تیۆری ژانرەکان لە قۆناغی کلاسیزمدا لە کێشانی سنوربەندی نێوان ژانرە ئەدەبییەکان بە ڕەهایی هیچ جۆرە تێکەڵاوبوونێک و لێکنزیکبوونەوەیەکی لە نێوان شیعر و گێڕانەوەدا نەکرد و هەر بەو شێوەیەش ناسنامەی هەر ژانرێکی تایبەت

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp300-309

بەخۆی دیاریکرد بە بێ نزیکبوونەوە لە یەکتر، بەڵام ڕۆمانسیزم کەوا وەک شۆڕشێک وابوو دژ بە بنەماکانی کلاسیزم و وەک ئاماژەیەک بۆ نوێگەری لە هزر و ئەدەبیاتدا، لە هەوڵدابوو بۆ تێکشکانی سنورەکان و کۆتاییهێنان بە دووری و لێکدابڕاوی نێوان ژانرەکان و ڕەگەزە سەرەکییەکانیان) (جوە، ٢٠٠٩، ٥٦).

سەرەتای سەدەی بیست لە ئەدەبیاتی جیهانیدا وەرچەرخانێکی نوێبوو لە مێژووی گەشەسەندنی تیۆرەکانی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، بەتایبەت دەرکەوتنی فۆڕمالیستە ڕووسەکان، دەرچەیەکی نوێبوو لە خوێندنەوەی تازە بۆ ژانر و ئاوێتەبوونی ژانرەکان. یەکێک لە سیما و تایبەتمەندییەکانی دەق لەو قۆناغەدا ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان بوو لە بۆتەیەکی یەکگرتووی هونەریدا هەروەها شکاندنی ئەو جیاوازییەی لە نێوان نووسین یان دەقە جیاوازەکاندا هەبوو ((سەدەی بیستەم دەبێتە سەردەمانی ئالنگاریی هەموو باوەڕە تیۆریکەکان لەمەڕ پرسی ژانر و پۆلێنکردنی ئەدەبی. لە کاتێکدا لە ڕابردوودا سنووری ژانرەکان دیواریان لە نێواندا هەڵدەچنرا و بۆ نمونە لە دەقێکی تراژیدیاییدا شوێنێک بۆ کۆمێدیا نەبوو، لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەملاوە سنوورەکان دەشێوێن و ژانرەکان سنووری یەکتر دەبەزێنن و تەنانەت ژانری تازە سەرهەڵدەدەن. لەسەردەمی مۆدێرندا ڕۆمان، وتار، ژیاننامە و چیرۆکی کورت و چیرۆکی مینیماڵ سەرهەڵدەدەن و دەقی شیعری و گێڕانەوەیی و فاکتایی تێکهەڵکێشی یەکتر دەکرێن))(ئەحمد زادە، ٢٠١٩، ٢٤). بە واتایەکی تر لەسەردەمی کلاسیکدا سنووربەندی هەبوو لەنێوان دەقێکی تراژیدیای و کۆمیدی، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات سنووری نێوان ژانرەکان کاڵبوونەوە. هەرچی فۆڕمالیستە ڕووسەکانن لە ڕوانگەی فۆڕم و ئەرک و گەشەی ئەدەبییەوە بۆ پرسی ژانر و ئاوێتەبوونی ژانرەکانیان دەڕوانی، بە جۆرێک پێیانوابوو هەر ژانرێک بەپێی سەردەم فۆڕمی خۆی وەردەگرێت و ئەو فۆڕمەش یەکەیەکی زیندووە و لە ژێر کاریگەری کارتێکردن و هەڵمژینی ڕەگەزی ژانرەکانی تردا دەبێت، لە لایەکی تر لەبارەی ئەرکی ژانرەکانەوە پێیانوایە ئەرکی ئەدەبییە، کە ناسنامەی ژانرەکان دیاری بکات و هۆکارێکە بۆ دەرخستنی شوناس و بوونیەتی ژانرەکان، هەروەها گەوهەری گەشەی ئەدەبی پەیوەستە بە ئاوێتەبوون و کارلێکی نێوان بەرهەمە ئەدەبییەکان و یەکیەتی تانوپۆی ژانر و چەشنە جۆراوجۆرەکانی ئەدەب لەناو یەکتریدا (عروس، ٢٠١٠، ٣٧- ٤٥). کەواتە دەق وەک یەکەیەکی زیندوو مامەڵە لەگەڵ دەقەکانی تری دەوروبەری دەکات و بەمەش کارلێکی نێوان دەقەکان لە چوارچێوەی ژانرەکاندا دەبێت (دەقی باڵا و پەسەندیش ئەو دەقەیە، کە لە کارلێکی نێوان دەقەکانی ترەوە سەرچاوە دەگرێت یان تێکەڵەیەکە لە هەردوو هونەری شیعر و پەخشان)(عروس، ٢٠١٠، ١٤١). مەرجیش نییە ئەو ئاوێتەبوونە تەنها لە نێوان ئەو دوو هونەرەدا بێت بەڵکو دەشێت لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی هەریەک لەو هونەرانەشدا ڕووبدات هەروەها پرۆسەی ئاوێتەبوونی ژانرەکان پرۆسەیەکە نووسەر بە ئاگایی یان بێ ئاگایی سود لەبەرهەمە مەعریفی و ئەدەبییەکانی پێش خۆی یان سەردەمی خۆی وەردەگرێت و لە چوارچێوەی بەرهەمێکی ئەدەبی نوێدا دایدەڕێژێتەوە، لە لایەکی ترەوە مەرج نییە بەرهەمێکی ئەدەبی لە چوارچێوەی ژانرێکدا سنووردار بکرێت هەروەک "تودۆرۆف" لەو بارەیەوە پێیوایە پێویست ناکات بەرهەمی ئەدەبی بەشێوەیەکی وەفادارانە لەسەر سفرە و خوانی یەک ژانری ئەدەبی بمێنێتەوە (شمیسا، ١٣٨٧، ٢٥). بەڵکو نووسەر بەپێی خواست و پێویستی بەرهەمەکەی سود لە ژانرەکان وەردەگرێت، بەمەش پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی بەردەوام دەبێت.

**٤- ئاوێتەبوونی ژانرەکان لە ئەدەبی کوردیدا :**

ئەدەبی کوردی لە کۆنەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ بە کۆمەڵێک قۆناغی جیاجیادا تێپەڕبووە، لە هەر سەردەمێکیشدا ئەدەب ڕەنگدەرەوەی ئەو بارودۆخە ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و ئایینی و ... هتد بووە، کە پێیدا تێپەڕبووە، خەسڵەت و تایبەتمەندی هەر قۆناغ و سەردەمێکیش لەوی تریان جیاواز بووە، بەمەش ژانرەکان لەهەر قۆناغێکدا بەپێی گەشەسەندن و گۆڕانی ئەدەبەکە جیاواز بووە و لەهەر سەردەمێکدا ژانرێک باڵادەستبووە. ئەدەبی کوردی هاوشێوەی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی بەشێوەیەکی گشتی دابەشبووە بۆ دوو ژانری سەرەکی؛ ئەوانیش شیعر و پەخشانن. ژانری شیعر بە درێژایی چەندین سەدەی یەک لە دوای یەک، تا دەرچوونی ڕۆژنامەگەری کوردی و سەرەتای سەدەی بیست ژانری باڵادەستبووە و شاعیران لە ڕێی شیعرەوە پەیامەکانی خۆیانیان گەیاندووە ((کورد لە سەدەکانی ڕابردوودا تەنێ بە شیعر بیری دەکردەوە، تەنێ بە شیعر بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕی تەنانەت هەر بە شیعریش ڕەخنەی لە شیعر دەگرت و شیعری هەڵدەسەنگاند))(پیرباڵ، ٢٠٠٥، ٢٥).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp300-309

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی بدەینەوە، دەبینین لە قۆناغی ئەدەبی کۆن و قۆناغی شیعری کلاسیزمدا شیعر ژانری سەرەکی بووە و شاعیران لە ڕێی شیعرەوە مەبەستەکانی خۆیانیان دەربڕیوە، بەڵام لەگەڵ نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردی قۆناغێکی تر دێتە ئاراوە کە شاعیران و نووسەران جگە لە شیعر لە ڕێی ژانری ترەوە گوزارشت لە هزر و ئەندێشەیان بکەن، بەمەش جگە لە شیعر ژانرەکانی تری پەخشان لە شێوەی وتار و چیرۆک، تەنانەت خودی شیعریش چەندین جۆری تری نوێی سەریهەڵدا لەوانەش شیعری شانۆیی، سرود، ئۆپەرێت و ژانری تری وەکو پەخشانە شیعر، کە پێشتر لە ئەدەبی کوردی بە گشتی و شیعری کوردی بەتایبەتی نەبووە، هەروەک "فەرهاد پیربال" لەم بارەیەوە پێیوایە ((هەموو ئەم ژانر و لقەژانر و فۆرمە شیعرییانە بەهیچ شێوەیەک لە شیعری کۆنی کوردیدا، واتە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی سەدەکانی ڕابردوومان‌دا نابینین. هەموو ئەم ژانرە تازانە لە ساڵی ١٨٩٨ بەملاوە دێنە ناو ئەدەبی کوردییەوە؛ هەندێکی دیکەشیان پەرە دەستێنن و فۆرمی دیکەی "گران" وەردەگرن)) (پیربال، ٢٠٠٥، ٨٢).

گەشەکردنی ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی، بواری نوێی ڕەخساند، لە هەمبەر هاتنە ئارای کۆمەڵێ بابەت، یەکێک لەو بوارانەش گەشەسەندنی ژانرەکان و ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکانە، ئەگەرچی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان لەم بارەیەوە درەنگکەتوون و تا دەیەی کۆتایی سەدەی بیست ئاوڕی جدی و زانستی لێنەدراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند لێکۆڵینەوەیەکی کەم لەم بارەیەوە ئەنجامدراون، بەتایبەتیش لە گۆڤاری (ڕامان) دا چەند لێکۆڵینەوەیەک بڵاوکراونەتەوە و هەریەکەیان لایەنێکی ئەو دیاریدەیان باسکردووە، [2] (فوئاد ڕەشید) باس لە ژانر و تیۆری ژانرە ئەدەبییەکان، هەروەها ئاوێتەبوونی ژانرەکان و چۆنیەتی ناونانی ژانرەکان دەکات. (دەقی ئاوێتە) پێشنیاز دەکات بۆ ئەو ژانرە تازانەی لە ئەنجامی کردەی ئاوێتەبوونی ژانرەکانەوە دێنە ئاراوە، هەروەک لە پێناسەکەیدا دەڵێت ((دەقی ئاوێتە بریتییە لەو دەقە ئەدەبییەی کە لە ئەنجامی ئاوێتەکردنی هەندێک ڕەگەزی ئیستاتیکی دوو ژانری ئەدەبی، یا ژانرێکی ئەدەبی و هونەرێکی دیکە پێکدێت و قەوارەیەکی نوێ دروستدەکات کە خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆیەتی)) (ڕەشید، ٢٠٠١، ٣٤). لێرەدا کردەی ئاوێتەبوون ژانری نوێ دەهێنێتە بەرهەم، ئەگەرچی ناونانی ئەو ژانرە نوێیە بە (دەقی ئاوێتە) شوناسی دەقەکە دەردەخات، کە ئاوێتە و تێکەڵەیەکە لە ژانری تر یا ڕەگەزەکانی ژانری تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناونانی ژانرە نوێیەکان لە یەک ناوی دیاریکراودا قەتیس دەکات و وادەکات هەر دەقێکی نوێ کە دەیتە ئاراوە لە ئەنجامی ئەو ئاوێتەبوونە هەمان ناوی هەبێت و بەمەش جیاکردنەوەی ئەو ژانرە نوێیانە ئەستەم ببێت.

ئاوێتەبوونی ژانرەکان لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە یەک شێواز و یەک جۆر دەرناکەون، بەڵکو بە درێژایی مێژووی ئەدەبی کوردی لە چەند شێوازێکی جیاوازدا خۆیان دەنوێنن و بە پێی قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی هەر قۆناغێک جۆرێک لە ئاوێتەبوون لە خۆ دەگرێت. بۆ ئەم مەبەستەش (فوئاد ڕەشید) لە هەمان توێژینەوەیدا سێ جۆر لە شێوازەکانی ئاوێتەبوون باس دەکات، ئەوانیش:

١- ئاوێتەبوونی دوو ژانری ئەدەبی.

٢- ئاوێتەبوونی ژانرێکی ئەدەبی لەگەڵ هونەرێکی دیکە، وێنەکێشان بێت یا شێوەکاری.
٣- ئاوێتەبوونی ژانرێک لەگەڵ زانستەکانی تردا وەک زانستەکانی بیرکاری و کیمیا و ئەندازە، ئەمەش لە ڕێگای ئاوێتەبوونی وشە و ڕستەکان لەگەڵ هێما و کورتکراوە زانستییەکان وەک بەکارهێنانی هێڵ و هێما زانستییەکان..

هەر لەم بارەیەوە (کوردستان نادر عەبدولوەهاب) لە نامەی ماستەرەکەیدا بەناونیشانی (تیۆری بونیادی دەق لە دەقەکانی شێرکۆ بێکەسدا) لە پاڵ ئەو جۆرانەی کەوا دکتۆر فوئاد باسیکردوون، جۆرێکی تریش باسدەکات، ئەویش دەقی واڵایە کە ئاوێتەبوون و تێکەڵاوبوونی چەند ژانرێکە لە دەقێکی نوێدا. لەم ڕووەوە بە پشت بەستن بەو جۆرانەی هەردوو نووسەر باسیانکردوون، جۆر و شێوازەکانی ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان بەم شێوەیە دەخەینە ڕوو:

[2] بەر لەم توێژینەوەیە، چەند توێژینەوەیەکی تر لە بارەی چەمکی ئاوێتەبوونی ژانرەکان و ئاوێتەبوونی ژانرەکان لە شیعری کوردیدا ئەنجامدراون، بۆ زانیاری زیاتر سوود لەم توێژینەوانە وەردەگیرێت:
١-دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە، د. فوئاد ڕەشید، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٦٥.
٢- کتێبی (دەقی ئەدەبی، ئەدگار، چێژ، بەها)، د. فوئاد ڕەشید، ٢٠٠٧.
٣- تیۆری بونیادی دەق لە دەقەکانی شێرکۆ بێکەس دا، کوردستان نادرعەبدولوەهاب، نامەی ماستەر، ٢٠١٦.
٤- ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە شیعری ڕوانگەدا، عوسمان دەشتی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٧٩-٢٨٠، ٢٨٠-٢٨١ .

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp300-309

**٤-١- لە ڕێی ئاوێتەبوونی ژانرێک لەگەڵ ڕەگەزێک یا توخمێک لە ژانرێکی دیکە بە بێ ئەوەی ناسنامەی ژانرەکە گۆڕانی بەسەردا بێت:**

بەو واتایەی ((ژانرێک بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەی و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر، سود لە ژانرەکانی دیکە وەردەگرێت و لە نێو دێرەکانی خۆیدا جێگەیان دەکاتەوە، لێرەدا ناوی ژانرەکە ناگۆڕێت و هیچ زیادەیەکیش ناخرێتە سەر ناوەکەی، بگرە هەر وەکو خۆی بەسەربەخۆیی دەمێنێتەوە هەڵگری ناسنامەی خۆی دەبێت و ئەو دەقانەی کە وەریشگیراوە ئەوانیش هەر بە چەمک و یاسا و پێڕەوی خۆیان لە بەشێک لە پانتایی ژانرەکەی دیکەدا بەشداری دەکەن)) (ڕەحمان، ٢٠١٤، ١٦٣). هەروەک سودوەرگرتنی شیعر لە ڕەگەزەکانی چیرۆک یان ڕۆمان، یاخود بە پێچەوانەوە. لەم ڕوانگەیەوە ژانرەکان سود لە یەکتر وەردەگرن و دەبنە بناغەیەک بۆ پەیدابوونی تەکنیک و بنەمای نوێ لە ژانرێکی تردا، هەروەک دەبینین شیعر سودی لە تەکنیکی گێڕانەوە یا تەکنیکەکانی تری چیرۆک و ڕۆمان وەرگرتووە و شیعرییەتی خۆی پێ دەوڵەمەند کردووە. بەشێک لە ڕەخنەگران لەو باوەڕەدان هیچ دەقێک بێ لایەن نییە و هەموو دەقێک سود لە دەقێکی تر وەردەگرێت، لە ناویشیاندا (ژولیا کرستیڤا)، پێیوایە ((هەموو دەقێک بریتییە لە تابلۆیەکی زەخرەفەیی "فسیفساء" لە وەرگرتن و هەموو دەقێک گواستنەوەی دەقەکانی تری تێدایە)) (ئەسوەد، ٢٠٠٦، ٦٣). بەو پێیە ژانرەکان سود لە یەکتر وەردەگرن و لە ڕێی هەڵمژین و ئاوێتەبوونی ڕەگەز و توخمەکانی یەکترەوە دەوڵەمەندتر دەبن و ئیستاتیکا و ئەدەبییەت و شیعرییەتی ژانرەکە بەرجەستە دەکەن.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا، دەبینین لە بەشێک لە شیعری کلاسیکدا گێڕانەوە و توخمەکانی گێڕانەوە تایبەتمەندی و خاسیەتی خۆی وەرگرتووە، لە هەمان کاتدا ئەگەر سەیری شیعرەکانی شاعیرانی کلاسیک بکەین، لە وێنەی شیعرەکانی (نالی، مەحوی، حاجی و چەندین شاعیری تر)، دەبینین دیالۆگ یەکێکە لە تایبەتمەندی و خەسڵەتی شیعرەکانیان ((هونەری دیالۆگ وەک شێوازێکی دیاری گێڕانەوە پەیوەستە بە هونەری پەخشان، بەڵام بە هۆی تێکچڕژانی هەردوو لقەکەی ئەدەب گواستراوەتەوە بۆ ناو دەقی شیعری و شاعیران کەم تا زۆر، ئەو تەکنیکەیان بەمەبەست و شێوازی جۆراوجۆر بەکارهێناوە. دەقی شیعریش دەقێکە پەیڕەوی کۆمەڵێ تایبەتمەندی و ئاراستەی جیا دەکات، دیالۆگ یەکێکە لەو تەکنیک و داینەمۆ چالاکانەی، کە تەحەکوم بە چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی گێڕانەوەکە دەکات))(سەعید، ٢٠١٨، ٣٠٨). ئەگەرچی دیالۆگ لەسەرەتا ڕەگەزێکی سەرەکی دراما بووە، بەڵام لە دواتردا گوستراوەتەوە بۆ نێو ژانرەکانی دیکەی ئەدەب. لەلایەکی ترەوە لە ئەدەبی نوێ و هاوچەرخی کوردیدا زمانی شیعری وەک خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی دیار لە چیرۆک و ڕۆمانی ئەمڕۆدا بەرچاو دەکەوێت، زۆرجاریش بە شیعرییەتی ڕۆمان یا شیعرییەتی چیرۆک باس دەکرێت.

**٤-٢- لە ڕێگای ئاوێتەبوونی دوو ژانری ئەدەبی:**

ئەمەش لە ڕێگای گواستنەوەی ڕەگەزی ئیستاتیکی و هەندێ خەسڵەت و تایبەتمەندی دوو ژانری ئەدەبییەوە بەرهەمدێت، هەروەک (نامەی شیعری، پەخشانە شیعر، ڕۆمانە شیعر...هتد) پەخشانە شیعر یەکێکە لەو ژانرانەی کەوا لە ڕێگەی ئاوێتەبوونی بنەما زمانی و شیعری و ئەدەبییەکانی هەر یەک لە ژانری شیعر و پەخشان هاتۆتە ئاراوە. ئاوێتەبوونی ئەم دوو ژانرەش لە ئەنجامی گەشەکردن و پەیدابوونی شیعری ئازاد و دوور کەوتنەوە لە کۆت و بەندی کێش و سەروا هاتۆتە کایەوە، چونکە سنووری نێوان شیعر و ڕۆمان، یا خود شیعر و پەخشان یا شیعر و چیرۆک...هتد تەسککردووتەوە، ڕەگ و ڕیشەی پەخشانە شیعر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای نوێکردنەوەی شیعری کوردی، بە تایبەت لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە بڵاودەکرانەوە ((بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبی کوریدا ژانرێکی شیعری نوێ "پەخشانە شیعر" بڵاودەکرێتەوە لە ژێر ناوی "شیعری مەنسوور" ئەمەش لە ساڵی ١٩٢٦ لە ژمارە ٥ی گۆڤاری "زاری کرمانجی"، بە پێنووسی "ز. ع. هەروتی))(پیرباڵ، ٢٠٠٥، ١٤٩). هەر لەو قۆناغەشدا لە ڕێی "گۆران، دڵدار، ..." چەند شاعیرێکی ترەوە چیرۆکە شیعر وەکو ژانرێکی تازە بە ناوی (چیرۆکەشیعر) هاتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە. ئەگەرچی ڕەگ و ڕیشەی ئەم جۆرە ئاوێتەبوونە کۆنترە و سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبی فۆلکلۆری و هەروەها لە ئەدەبیاتی کلاسیکیشدا خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەو جۆرە لە هونەری شیعردا بەدیدەکرێت، بەڵام وەک ژانرێکی سەربەخۆ و بەو ناوەوە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دوای نوێکردنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی. چیرۆکە شیعر بریتییە لە ئاوێتەبوونی شیعر و چیرۆک لەیەک ژانری ئەدەبیدا،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp300-309

بەمەش ژانرێکە پشت بە تەکنیک و توخمەکانی گێرانەوە دەبەستێت و زۆرجاریش وا پێناسە دەکرێت ((شیعرێکە شاعیر لە شێوەی جۆراوجۆر ڕووداوێک یان بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە، یان شیعرێکە کە بە خوێندنەوەی یا بیستنی بە لایەنی کەمەوە سەرگوزشتەیەک یان چیرۆکێک لای خوێنەر بەجێدەهێڵێت))(حەمەئەمین، ٢٠١٤، ٤١). لێرەدا زمانی شیعر دەبێتە زمانێکی گێڕانەوەیی و لەهەمان کاتیشدا شیعرییەتی خۆی دەپارێزێت، هەروەها شاعیر بە جۆرێک ڕەگەزەکان ئاوێتەی یەکتر دەکات کە ئیستاتیکا و شیعریەتی دەقەکە پارێزراوبن.

## ٤-٣- لە ڕێی ئاوێتەبوونی شیعر لەگەڵ هونەرەکانی دیکە:

جا هونەری شێوەکاری بێت یان هونەری وێنە کێشان یان هونەری سینەما. ((پەیوەندی نێوان ئەدەب و هونەرەکانی دیکە جۆرە دەقێکی بەرهەمهێناوە کەوا هەڵگری خەسڵەت و تایبەتمەندی هاوبەشن، بەبێ ئەوەی لە بەهای دەقە نوێیەکە کەم بکاتەوە، بەڵکو وردتر و چڕتر بووەتەوە، بەمەش دەقی ئەدەبی و ئەرکەکەی لە پەیوەندییەکی دووانەییەوە وەردەگیرێن، کەوا بەرەو شێوازێکی ئەدەبی یا نائەدەبی ڕایدەکێشێت))(حمدامین، ٢٠١٤، ١٩٧). هەر ئەم پەیوەندییەشە وایکردووە ئاوێتەبوونی ژانرەکان لە سنوری نێوان هونەرەکانی ئەدەب خۆیاندا نەمێننەوە، بەڵکو پەل بهاون بۆ تێکچڕژان و ئاوێزانبوونیان لەگەڵ هونەرەکانی دیکە، ((ئاوێتەبوونی ژانرەکان تەنها لە چوارچێوەی ئەدەبدا قەتیس نەبووە، بەڵکو فراوانبووە، بە جۆرێک کەوا بوارەکانی گوتاری سیاسی و دەقی زانستی و ئەو بوارانەی پەیوەستن بە وێنە و شێوەکاری و سینەمای هاوچەرخی گرتووەتەوە، بەمەش ئاوێتەبوونی ژانرەکان لەوە دەرچووە تەنها لەنێوان ژانرە ئەدەبییەکان خۆیاندا ڕووبدات، لەبەرئەوە جێگای سەرسوڕمان نییە دەقێک وەک پارچەیەک لە مۆسیقا یا وێنە سەیر بکرێت))(حمدامین، ٢٠١٤، ١٩٧). شیعری وێنەیی؛ زۆرجار بە (شیعری نیگارکاری، بینینکاری، بەرجەستەیی، کۆنکرێتی) دەناسرێت، وا پێناسە دەکرێت ((ئەو دەقە شیعرییانەن کە لە تێکەڵاوکردنی وشە و وێنە و هێڵ و شێوەی جوگرافی دابەشبوون بەسەر وەرەقەدا، پێکدێن. واتا نزیک بوونەوەی دوو جیهانن؛ جیهانی پیت و جیهانی هێڵ و وێنە)) (بەرزنجی، ١٩٩٩، ١٨٢). لێرەدا وێنەیەک یا شێوەیەک لە ڕێی پیت و وشەوە بەرجەستە دەکرێت و بە تێکەڵاوبوونی ئەو دوو هونەرەش دەقێکی نوێ لەدایکدەبێت. دواجار هەر ئەو مرۆڤە وەک نووسەرێک یا شاعیرێک مامەڵەدەکات و بارودۆخە هزری و دەروونییەکانی خۆی لە چوارچێوەی دەقێکدا دەخاتە ڕوو، بۆ ئەمەش سود لەو بۆشایی و هێڵ و ئەزموونە زمانییەی خۆی وەردەگرێت و وشە و پەیڤەکان بە جۆرێک ڕێکدەخات شێوە و فۆرمێکی نوێ بەرجەستە بکەن، بە جۆرێک لە وشە و پەیڤەکان وێنەیەکی مادی بەرجەستە دەکەن، یا لەو بۆشاییەی لەسەر ڕووتەختی پەڕەیە شێوەیەکی نوێ دەنەخشێنن، جیاواز لە شیعر و ئەدەبیاتی پێشوو. بێگومان ئەو جۆرە ئاوێتەکردنەش بۆ ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراوە ((شیعری بەرجەستەکراو بریتییە لە تێکەڵاوکردنی وتە و وێنەکێشان، یا زمان و شێوەکاری. شیعری بەرجەستەکراو گوازراوەتەوە لە زمان و دەربڕینی چاوکاریدا بۆ چەند شێوەیەک و دەربڕینی تر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بونیادێکی یەک جەستەیی (عضوی) لە نێوان زمان و وێنەکاریدا هەیە بۆ جێبەجێکردنی چەند ئەرکێکی دیاریکراو و بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی ستاتیکی مەبەستدار))(مفتاح، ١٩٩٩، ١٩٤)، کەواتە هەریەک لەو جۆرە دەقانە ئامانج و ئەرکێکی ئەدەبی و ئیستاتیکی هەیە، جگە لەو پەیامەی نووسەر یا شاعیر دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە بیگەیەنێت. کەواتە پەنا بردنە بەر تەکنیک و ڕەگەزە جیاوازەکانی تری هونەرەکانی دیکە و ئاوێتەکردنیان بە دەقێکی تر یا ژانرێکی تر بەمەبەستی هێنانە ئارای ژانرێکی ترە کە ئەدەبییەتی ژانرە نوێکە بپارێزێت و ئیستاتیکای تێدا بەرجەستە بکات، یان ئەوەتا لە پاڵ ژانرەکەدا خزمەت بە وەرگر دەکات و دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی وەرگر بتوانێ لەناو جەنجاڵییەکانی ژیاندا لە چێژ و سەلیقەی ئەدەبیدا دانەبڕێت.

## ٤-٤- ئاوێتەبوونی چەند ژانرێک لە بۆتەی یەک ژانردا:

ئەمەش بە دەقی والا ناسراوە، لەم بارەیەوە "د. فوئاد ڕەشید" پێیوایە ((مەبەست لە تێکستی والا هەمەجۆری و هەمەڕەنگییە و دیاریدەی فرەژانری و ڕەگەزی لە میانی یەک تێکستی ئەدەبیدا، لە تیۆری نوێی ئەدەبدا زیاتر بە کرداری ئاوێتەبوونی، یا بە نێویەکداچوونی ژانرە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp300-309

ئەدەبییەکان ناودەبرێت))(ڕەشید، ٢٠٠٧، ١٣١). لێرەوە دەقی واڵا بریتییە لە کۆکردنەوە و تێکەڵاوکردنی چەند ژانرێکی جیاواز لە یەک دەقدا، بە جۆرێک هاوسەنگی و شیعرییەت و ئەدەبییەتی هەریەک لەو ژانرانە لە شوێنی خۆیاندا بەکاردێن، بە واتایەکی تر ((ئەم جۆرە دەقانە تەنیا کۆکردنەوەی کۆمەڵێک ژانری جۆراوجۆری وەک شیعر و پەخشان و ڕۆمان نییە، بەڵکو ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوانیشیانە. شاعیر یا نووسەر بە دوو ئاراستە مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕەگەزانەدا دەکات. ئاراستەی یەکەم: بەکارهێنانیان وەک ئەوەی لە کۆنتێکستی خۆیاندا هەن. ئاراستەی دووەم: دروستکردنی هارمۆنیکا و هاوسەنگی نێوان هەریەکەیان))(عەبدولوەهاب، ٢٠١٦، ٣٨). ئەمەش لە ئەنجامی گەشەکردنی هزری ئەدەبی و مەودای ئاوێتەبوونی ژانرەکانەوە هاتۆتە ئاراوە ((لە سەردەمی ئەمڕۆی ئەدەب، هەموو پرەنسیپە پیرۆزەکان، گشت سنورە قەدەغەکراوەکان لە بەردەم، نەک هەر شیعر، بەڵکو تەواوی بەرهەمی ژانرەکانی تری ئەدەب کۆڵیاندا، هزری داهێنەرانەی نووسەر تا دێ ژانرە ئەدەبییەکان زیاتر لەیەک نزیک دەکاتەوە و زۆر لە پێکهاتەی ژانرەکان تێکهەڵکێش دەکات)(هەینی، ٢٠٠٨، ٥). لەم ڕوانگەیەشەوە "شێرکۆ بێکەس" بە پێشەنگی ئەو پێشکەوتن و ئەزموونە نوێیەی دەقی واڵا دادەنرێت ((ڕەچەشکێنی "شێرکۆ بێکەس" ڕەچەشکێنی فۆرمەلی شیعرییە و لەگەڵ ئەو شێواز و ستایلەی ڕابردووی خۆیدا جیادەبێتەوە و بنەما و سکێچێکی دیکە، بۆ قاڵبی شیعری بە هەموو فۆڕمەکانی "کێش، قافیە، پەیوەستبوونی ئاسۆیی و ستوونی" دەشکێنێت و ستایلی جیاوازتر لە دەقی شیعریدا دەگرێتەبەر، لە سەرەتادا ئەم هەنگاوەشی، لە هەندێ دەقی شیعریدا، بە شێوەی پارچە پارچە دەردەکەوێت و دواتر وردە وردە، ئەم سنوربەزاندنەی دەقی شیعری، زیاتر دەکات، واتە لە دەقێکی شیعرییەوە دەستپێدەکات، بۆ پەخشانە شیعر و تێکستی واڵا و بە دیوانیکردنی شیعرێکی واڵا))(ڕەئوف، ٢٠١١، ١١٩)، کەواتە ئەو ڕەچەشکێنییەی "شێرکۆ بێکەس" لە پێکهاتە و فۆرمی شیعری و ئەزموونی ئەدەبی خۆیدا بە ئەنجامی گەیاندبوو بە هۆی هاتنە ئارای ژانرێکی ئەدەبی نوێ و لە دواتریشدا بوو بە ڕێچکەیەکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا.

## ٥- جۆر و شێوازەکانی ئاوێتەبوونی ژانرەکان لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا:

لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، ئاوێتەبوونی ژانرەکان بەشێوازی جیاواز بەرچاودەکەون، لەبەرئەوە شاعیر ((سەرلەنوێ بنیادی هۆشیاری خەڵکی، بە فۆڕم و پایەیەکی نوێوە دورستدەکاتەوە))(ڕەئوف، ٢٠١١، ٣٣). بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین شێوازەکانی ئاوێتەبوونی ژانرەکان لای شاعیر بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین:

### ٥-١- ئاوێتەبوونی ژانرێک لەگەڵ ڕەگەز و توخمەکانی ژانرێکی دیکە بەبێ ئەوەی ناسنامەی ژانرەکە بگۆڕێت:

لە ئەدەبی کوردیدا، ژانرەکان سوود لەیەکتری وەردەگرن، بەمەش پرۆسەی ئاوێتەبوون ڕوودەدات ((هەموو ژانرەکان بە بێ جیاوازی سوود لەیەکتر وەردەگرن و لە ئاو و هەوای یەکدی هەڵدەمژن))(ڕەحمان، ٢٠١٢، ٢٩). لەم ڕوانگەیەوە؛ بەکارهێنانی هونەری گێڕانەوە و ڕەگەزەکانی گێڕانەوە لەنێو شیعردا پرۆسەی ئاوێتەبوون دەسازێنێت ((گێڕانەوە وەک ڕەگ و ڕیشەیەکی هونەرەکانی ئەدەب، لەناو ژانرە ئەدەبییەکان بەپێی سەردەم هەستی پێدەکرێ و خاسییەتێکی تایبەتی هەیە: لەناو ئەدەبیاتی کوردیی کۆن، لەشیعرە ئیپیکییەکان بەگشتی هەیە. ئیمڕۆش: لە چیرۆک و ڕۆمان و هەقایەت و چیرۆکی ئەفسانەیی دەدۆزرێتەوە))(عومەر، ٢٠١٢، ٢٤٤). ئەگەرچی لە ئەدەبی نوێدا گێڕانەوە خەسڵەت و بنەمایەکی سەرەکی هونەرەکانی پەخشانە، لەوانەش چیرۆک و ڕۆمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە داڕشتنی شیعردا سوودی لێوەرگیراوە. لە فەرهەنگی ئەدەبیشدا بەو شێوەیە پێناسەی گێڕانەوە هاتووە ((گێڕانەوە لە تێکستی ئەدەبیدا (شیعر یان پەخشان) بەرهەمی دوو شت یا دوو توخمە؛ ١) ڕووداو یان مێژوو، واتا ئەو بابەتەی کەرەسەی گێڕانەوەکەیە. ٢) گێڕانەوە خۆی، لێرەش بەپلەی یەکەم مەبەست لە چۆنییەتی گێڕانەوەیە، هەر بابەتێک یان ناوەرۆکێک دەشێ بەزۆر شێواز بگێردرێتەوە... کە پێیدەوترێت شێواز یان هونەری گێڕانەوە))(عومەر، ٢٠١٢، ٢٤٢). کەواتە شێوازی گێڕانەوە لەنێو دەقی شیعریدا بایەخی هونەری تەکنیکی گێڕانەوەکە دەردەخات. شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی بەشێوەیەکی بەرچاو هەر لە سەرەتای ئەزموونی ئەدەبییەوە، پەنای بۆ هونەرەکانی گێڕانەوە بردووە، بەمەبەستی گەیاندنی پەیام و مەبەستەکانی خۆی. شاعیر لە دەقی (گۆرانییەکی ڕەنگاو ڕەنگ)، دیالۆگ وەک ئامرازێک بەکاردەهێنێ لە پرۆسەی گێڕانەوەدا و دەڵێت:

**مناڵینە!**

**شەوێک گوێم لێ بوو بەچرپە**

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp300-309

**بەفر**
**بە تریفەی ئەوت:**
**گیانە چرای**
**چاوەکانت**
**زیاتر هەڵکە!**
**گەر تۆ نەبی**
**هەور ئەمهێنێتە گریان**
**هەور دەرکە** (بێکەس، ب٢، ١٣٩٩، ٢٣)

لێرەدا شاعیر ڕووی قسەکردنی لە منداڵەکانە و دیالۆگ و گفتوگۆی نێوان (بەفر و تریفەی ئاسمان)یان بۆ باسدەکات. لەم دەقەدا شاعیر سوودی لە تەکنیکەکانی گێرانەوە وەرگرتووە، بەجۆرێک دیالۆگ شێوازی هەواڵگەیاندن و ڕاگەیاندنی وەرگرتووە و لە خزمەت شیعردا بەکاریهێناون. لە دەقێکی تردا بەناوی (بەهارەشیعرێک)دا دەڵێت:

**وەکو درەختێکی تەنیای**
**بەر زەردە پەڕ**
**لەپاڵ دەوەنی گردێکدا**
**ڕاوەستاوم**
**سەرو مل و تا ناو قەدم**
**لەبەر هەتاو**
**قاچ و قول و تا ژوور ئەژنۆ**
**نوقمی سێبەر**
(بێکەس، ب٢، ١٣٩٩، ٧٧)

لێرەدا شاعیر سوودی لە ڕەگەزی شوێن وەرگرتووە بۆ دەرخستنی شوێنی ڕاوەستان و ئەو گرد و دەوەنەی وەسفی دەکات، کەوا چۆن تیشکی خۆر جەستەی کردووە بە دوو بەشەوە، بەشێک هەتاو و بەشێکی تری سێبەر. لەم دەقانەدا شاعیر ڕەگەزەکانی گێرانەوەی لەنێو دەقەکانیدا مەزراندووە، وەک بەشێک لە بوونیاتی دەقە شیعرییەکان، بەمەش شاعیر سوودی لە تێکەڵاوکردن و ئاوێتەکردنی ڕەگەزەکانی چیرۆک وەرگرتووە، بەڵام لەهەمانکاتدا شوناسی دەقەکانی نەگۆڕیوە و شیعرێتی خۆیان لەدەستنەداوە.

**٥-٢- ئاوێتەبوونی دوو ژانری ئەدەبی:** ئەمەش لە ڕێگای ئاوێتەبوونی ڕەگەز و خەسڵەتەکانی دوو ژانر بەدیدێت. لەم شێوازی ئاوێتەکردنەدا ((ژانرەکان لەڕێگای تێکهەڵکێش و چوونە پاڵ یەکدییەوە، ژانری نوێتر دروستدەکەن، کە هەڵگری یاسا و ڕێسای تایبەتی خۆی دەبێت، لێرەشدا ژانرەکان بەشێک لە خەسڵەت و سیفاتەکانیان واز لێ دەهێنن و هەروەها بەشێکیش لەو خەسڵەت و سیفاتانەیان بۆ ژانرە نوێیەکە دەگوازنەوە، بەو واتایەی ژانرە نوێیەکە بەشێوەیەکی یەکسان هەڵگری خەسڵەت و سیماکانی ئەو ژانرانە دەبێت، کە دەبنە بنچینەی پێکهێنانی))(ڕەحمان، ٢٠١٢، ٣٠). شێرکۆ بێکەس لە ئەزموونی ئەدەبیدا، کاری لەسەر ئەم شێوازی ئاوێتەکردنە کردووە، بۆ ئەمەش زۆرجار بە تروپک و داهێنەر دادەنرێت. وەک لەبەرهەمەکانیدا دەبینین، چیرۆکەشیعر، پەخشانەشیعر، ڕۆمانەشیعر، شیعری درامی... ئەو ژانرە ئاوێتانەن کەوا لەڕێگای ئاوێتەکردنی هەریەک لە (چیرۆک و شیعر یان پەخشان و شیعر یان ڕۆمان و شیعر یانیش دراما و شیعر) بەرجەستەبوون.

شێرکۆ لە دەقی (چیرۆکی خۆشەویستییەک)دا، چیرۆکی دوو دڵدار بەشێوەی شیعر دەگێڕێتەوە، لە دەستپێکدا دەڵێت:

**دوو دڵدار و**

**دوو باڵقۆنی بەرامبەر یەک**
**هەموو شەوێ شیعر و شەپۆل**
**گوڵ و ماچ ئەگرنە یەکتر**
**هەموو شەوێ**
**"با"ی نێوان ڕەنگ و ڕەنگ**
**ئەکەن** (بێکەس، ب٤، ١٣٩٩، ١٥٤)

لێرەدا شاعیر بە زمانێکی شیعری چیرۆکی ئەو دوو دڵدارە دەگێڕێتەوە، زنجیرەی ڕووداوەکانیش بەدوای یەکدا دێن، وەکو چیرۆکێك (سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی) هەیە، لەم دەقەدا سەرەتای ڕووداوەکان بە دەربڕینی خۆشەویستی و ڕاز و نیازی عاشقانەی نێوان دوو دڵدارەکە دەستپێدەکات و بەم شێوەیەش ڕووداوەکان دەچنە پێش، تا لە کۆتاییدا کچەی دڵدار لە باڵقۆنەوە دەکەوێتە خوارەوە و کوڕەش لە حەسرەتی خۆشەویستەکەی کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت، هەروەک شاعیر لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دەڵێت:

**لە پرێکدا شەو شڵەقا و**
**گوڵە مێخەک کەوتە خوارێ و**
**لە باڵقۆندا کچ ئاوا بوو**
**کوڕ هاتەوە**
**بە ڕاکشاوی هاتەوە و**

**ئەمجارەیان لەسەر سنگی**
**خەنجەرێکی سوور ڕوابوو!.**
(بێکەس، ب٤، ١٣٩٩، ١٥٤ ـ ١٥٥)

لەم دەقەدا ڕەگەزەکانی چیرۆک بریتین لە (ڕووداو، کەس، کات شوێن) و هەریەکەیان ڕۆڵی خۆیان دەبینین لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا. لێرەدا شاعیر زمانێکی شیعری بەکارهێناوە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، بەو واتایەی فۆڕمێکی شیعری باڵادەستە بەسەر گێڕانەوەکەدا، ئەوەی لە دەقی چیرۆکە شیعریشدا گرنگە تەنها گێڕانەوەی ڕووداوەکان نییە بە زمانێکی سادەی پەخشانی، بەڵکو بوونی ئەو هەست و سۆزەیە کەوا لە ڕێگای زمانی شیعرییەوە دەگاتە خوێنەر، بە وتەی (ڤ. گ. بلینسکی) ((لە باڵاددا گرنگ ڕووداوەکە نییە، بەڵکو ئەو هەستەیە کە دەیبزوێنێ، ئەو بیرەیە کە دەیخاتە زەینی خوێنەرەوە))(پیتەر هالبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٠، ٦١).

لە پەخشانە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، زمانی شیعر و بونیاتی پەخشان ئاوێزانی یەکتربوون، بەجۆرێک تۆپۆگرافیای شیعرەکان زۆرجار تۆپۆگرافیای شیعری دەبێت و ڕووبەرێکی کەم لە ڕووی لاپەڕە داگیردەکەن و زۆرجاریش تۆپۆگرافیای پەخشانی زاڵ دەبێت، بەو واتایەی شاعیر خۆی نابەستێتەوە بە تۆپۆگرافیایەکی دیاریکراوەوە، ئەم جۆرە تۆپۆگرافیایەش شاعیر ((لە ئەنجامی ئەزموون و سەلیقە و بەهرەمەندی خۆیەوە بیر لە شێواز و ستایلێکی داهێنەرانە و تازە و نوێ دەکاتەوە، کە بەهۆی وشەوە ڕوخسار و فۆڕمێکی تایبەت بەخۆی بەرجەستە دەکات))(مەحمود، ٢٠٢٢، ٣٦). لە هەمانکاتدا شاعیر پەخشانە شیعرەکانی بەشێوەی شیعری ئازاد دارشتووە و خۆی نەبەستووەتەوە بە کێش و سەروایەکی دیاریکراو. شاعیر لە دەقی (ڕەشەبایەکی چەمووش و بەیانییەکی تازە)دا دەڵێت:

**عومرێکی درێژە ڕەنگە جوداکان مردوون.**
**عومرێکی درێژە ئاو هەریەک دەفری هەیە و**
**عومرێکە باڵندەکان هەر یەک جۆر فڕین و**
**یەک جۆر ئاسمان و**
**یەک جۆر خوێندن.**
(بێکەس، ب٥،
١٣٩٩، ٥٦٨)

لێرەدا ڕیتمی پەخشانە شیعرەکە بەندە بە ڕێژەی دووبارەکردنەوەی وشە و گرێکان، سیما و خەسڵەتی سەرەکی ئەو دەقە ئەوەیە ((لە کێش و سەروا داماڵراوە.. جەخت دەکاتە سەر جۆرێک ڕیتمی تایبەت کە پێیدەوترێت ڕیتمی ناوخۆیی))(سەعدون، ٢٠١٥، ١٥٠). لەبەرئەوە دووبارەکردنەوەی (عومرێکی درێژە، یەک جۆر) لە جارێک زیاتر ڕیتم و ئاوازەی دەقەکەی دەرخستووە. بەشێوەیەکی گشتی لەم دەقەدا شاعیر زۆر کاری لەسەر ڕێکخستنی ڕیتمی ناوخۆیی دەقەکە بەستووە، بۆ ئەم مەبەستەش سوودی لە دووبارەکردنەوە وەرگرتووە.

### ٥-٣- ئاوێتەبوونی شیعر لەگەڵ هونەرەکانی دیکە:

شیعر یەکێکە لەو ژانرانەی توانای هەڵمژینی هونەر و ژانرەکانی تر هەیە، تەنانەت زۆرجار لە زانستە بیرکارییەکان و هەندەسییەکان سوود وەردەگرێت و فۆڕمێکی نوێ یان ژانرێکی نوێ بەرجەستە دەکات ((هونەرە جوانەکان هەر لەسەرەتاوە لەسەردەمی (گریک)دا لە پێنج بەشدا پۆلێنکراون (ئەدەب، نیگارکێشان، پەیکەرتاشی، سەما و مۆسیقا). لەو ناوەدا هونەری ئەدەب و بەتایبەتیش ژانری شیعر وەک بەشێک لە هونەرە جوانەکان، توانیویەتی سوود لە هەموو هونەرەکانی دیکە وەربگرێت و هەریەکە و بە جۆرێک ئاوێتە و ئاوێزانیان ببێت))(دەشتی، ٢٠٢١، ٨٢). لەم ڕوانگەیەوە یەکێک لە سیماکانی ئەو ئاوێتەبوونە داهێنانی (پۆستەرە شیعر)ـە کەوا لە ڕێگای ئاوێتەبوونی شیعر لەگەڵ هونەری شێوەکاری بەرهەمدێت و فۆڕمێکی نوێ پەیدادەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش شێرکۆ بێکەس بە داهێنەر دادەنرێت و یەکەم شاعیرە کەوا ئەم ئەزموونە نوێیەی لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان تاقیکردووەتەوە ((بۆ یەکەم جار شێرکۆ بێکەس تێکستێکی لەم جۆرەی بەناونیشانی (١٠ پۆستەر لە پێشەنگای شیعرێکی کۆچەردا) لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا لە هاوینی (١٩٧٥)دا بڵاوکردۆتەوە))(دەشتی، ٢٠٢١، ٨٥). لە دوای ئەوەش دیوانی (کازیوە)ی لە ساڵی ١٩٧٨ بڵاوکردووتەوە. لە پۆستەرە شیعردا وێنە و هۆش ئاوێزانی یەکتر دەبن، بە جۆرێک کاتێک خوێنەر پۆستەرە شیعرێک دەخوێنێتەوە وەک ئەوە وایە لەبەردەم وێنەیەک وەستابێت. بۆ نموونە لە شیعری (کەمانچە)دا دەڵێت:

**مەدالییای کەمانێکی بچکۆلانەت**
**دابوو لەسەر سنگ**
**کە هات و چۆت**
**بە بەردەمی مندا ئەکرد**
**گوێم لێ ئەبوو:**
**کەمان ئەکەوتە لێدان و**
**ئەشمبینی.. مەمکەکانت**
**ورد**

**ورد**
**سەمایان بۆ ئەکرد**
**(بێکەس،**
**ب١، ١٣٩٩، ٥٥٣)**

لێرەدا شاعیر لە ڕێگای وشەوە وێنەیەکی هونەری کێشاوە، واتا زمان بووەتە ئامرازێک بۆ وێنە. کاتێک خوێنەر لەبەردەم ئەو جۆرە دەقانە دەوەستێت خۆی لەبەردەم وێنەیەکدا دەبینێتەوە کەوا لە جیاتی فڵچە و ڕەنگ بە وشە کێشراوە، بەمەش وێنەیەکی جوڵاوی بەرجەستەکردووە، شاعیر وێنەی کچێک دەکێشێت بە وشە، ئەم کچەش لەگەڵ هەر هاتوچۆکردنێکدا ناز و لەنجەکردنەکەی بووەتە هۆی جوڵانەوەی کەمان و سنگی.

یەکێکی تر لەو دیاریدانەی لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا بەدیدەکرێت، ئاوێتەبوونی شیعرە لەگەڵ وێنەی ئەندازەیی، بەمەش شیعرەکە لە ڕوخساردا فۆڕمێکی ئەندازەیی وەردەگرێت، لەبەرئەوە جگە لە گەیاندنی هزر و لایەنی دەروونی شاعیر، چێژی شیعریش بەرجەستە دەکات، لەم جۆرە دەقانەدا ((شاعیر لە ڕێگەی وشە وێنەیەک دەکێشێ، شیعرەکە لەوانەیە وێنەی دارێک، یان شوێنێک، یان ژمارەیەک دەبێت، واتا زەین و هەستی بینین بەیەکەوە گرێ دەدات؛ چونکە زۆربەی جار ئەو وێنەی شاعیر کێشاویەتی لەگەڵ واتا و ئەو دیاردە و بابەتەی باسی لێوە دەکات هەمان شتە، واتا جگە لە ناوەرۆک چێژی شیعرەکە لە شێوە ئەندازەییەکەشدا بەدەست دێت))(ئەحمەد، ٢٠١٤، ٢١٨). شێرکۆ لە چامەی (کۆچ)دا، وێنەی کلیلێک بە وشە دەکێشێت و دەڵێت:

**خۆشەویستیت.. بۆتە قاسە و فرۆشگایەک**
**بەکلیلی.**
**جومگەی فەرهادێکی کوژراو**
**لێی نیشتوون و .. ئەیکەنەوە..**
**فڕان**
**فڕان**
**فڕان**
**فڕان**
**(بێکەس، ب١، ١٣٩٩، ٦١١)**

لێرەدا شاعیر لە ناوەرۆکی دەقەکەدا باسی کلیل دەکات و لەم پێناوەشدا نووسینی شیعرەکە و تۆپۆگرافیای شیعرەکەی بەشێوەیەکی وێنەیی ڕێکخستووە و وێنەی کلیلێکی نەخشاندووە. هەر لەهەمان دەقدا وێنەیەکی ئەندازەیی هەڕەم دەکێشێت و دەڵێت:

**لە دواساڵدا**
**فەرهادێکی کوژراو وتی:**
**لەبەرئەوەی "هەڕەم"ەکە لەسەر نووک و**
**سەر بەرەوژێر دانرابوو**
**هەرەس وابوو، زەویش**
**بنکە و ڕەگی ئەویست**
**تۆفانەکەش زەریاوانی**
**چەند خوایەک بوون**
**خۆفۆی گەورە**
**خۆفۆی**
**بچووک**
**خۆفۆی**
**قڕە**
**(بێکەس، ب١، ١٣٩٩، ٦١٣)**

شاعیر لە ناوەرۆکی ئەم چەند دێرە شیعرەدا باس لە هەڕەمێکی لەسەر نووک و خواوەندی فیرعەونەکانی میسر دەکات، لە شێوەیەکی هەڕەمیدا، بەمەش واتای شیعرەکە لە ڕێگای بینینەوە فەراهەمدەبێت و شێوەی شیعرەکەش لەسەر شێوەی هەڕەمێکی لەسەر نووک بنیاتنراوە.

لێرەوە ئاوێتەبوونی شیعر لەگەڵ هونەرەکانی وێنەکێشان و وێنە ئەندازەییەکان ڕووبەڕێکی دیاریکراو لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا داگیردەکات، لە ڕێگای ئاوێتەبوونی هۆش و هەستی بینین فۆڕمی نوێی شیعری یان ژانری نوێی شیعری سازاندووە لەشێوەی پۆستەرەشیعر یان فۆڕمی شیعری وێنەیی.

### ٥-٤- ئاوێتەبوونی چەند ژانرێک لە بۆتەی یەک ژانری ئەدەبیدا:

ئاوێتەبوونی ژانرەکان لە چوارچێوەی دوو ژانر یان ڕەگەز و توخمەکانی چەند ژانرێکدا نەماوەتەوە، بەڵکو پەڕیوەتەوە بۆ ئاوێتەبوونی چەند ژانرێک لە بۆتەی یەک دەقدا، ئەم جۆرە ئاوێتەبوونەش لە دەقی واڵادا خۆی دەبینێتەوە، بەو پێیەی دەقی واڵا بریتییە لە ئاوێتەبوونی چەند ژانرێک لەنێو یەک دەقی ئەدەبیدا، بە واتایەکی تر لە دەقی واڵادا ژانرەکان وەکو مێروو و دەنکۆڵەی ملوانکە هەموویان بەیەکەوە بەستراو و تێکچڕژاون. شێرکۆ بێکەس بۆ یەکەم جار لە سەرەتای ساڵانی دووهەزار ئەم ئەزموونە نوێیەی لە بەرهەمەکانیدا

تاقیکردووەتەوە و لەم بارەیەوە بەو شێوەیە باس لەو ئەزموونە تازەیەی دەکات و دەڵێت؛ ((لەم بەرهەمە تازەیەمدا، ویستومە لە یەک کاتدا شیعر و چیرۆک و پەخشان و شانۆنامە، هەریەکە و، بە خاسیەتە دیارەکانی خۆیانەوە، لەگەڵ یەکتردا کۆبکەمەوە و یەک تەوەرەیش یان یەک بیرۆکەیش، لە سەرەتاوە تا کۆتایی، هەموویان، وەک پەت و دەنکەکانی ملوانکەیەک پێکەوە ببەستێتەوە))(بێکەس، ب٦، ١٣٩٩، ٣٤١). بەم شێوەیە شێرکۆ بێکەس هەریەک لە ژانرەکانی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامە بەیەکەوە گرێدەدات، تەنانەت سوودی لە ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی وەرگرتووە و لە چوارچێوەی ژانرێکی نوێدا کۆیکردوونەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش شێرکۆ بێکەس چوار تێکستی بەناوی دەقی واڵا بڵاوکردووەتەوە بە ناوەکانی (سرووده بەردینەکان ٢٠٠٤، کورسی ٢٠٠٥، ئێستا کچێک نیشتمانمە ٢٠١١، ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە ٢٠١٢).

لەم دەقانەدا هونەری گێڕانەوە خەسڵەت و بوونیاتی سەرەکی پێکدەهێنێت لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بەدوای یەکدا هاتنی زنجیرەیی ڕووداوەکان و بەیەکەوە بەستنی ژانرە جیاوازەکان، لە هەمانکاتیشدا سوودی لە تەکنیکی وەسف و ڕەگەزەکانی گێڕانەوە وەرگرتووە و ڕۆڵ و ئەرکی جیاوازی پێبەخشیوون، بۆ نموونە لە دەقی واڵای (کورسی)دا شاعیر بەو شێوەیە وەسفی کورسی دەکات و دەڵێت:

**کورسییەکی کورتەباڵای بەتەمەنە و**
**ئێسک سووک و تەوێڵ پان و**
**دەست باریک و ناوشان تەنگە و**
**بەڵام هێشتا وریا و قنجە و**
**قاچێکی کەمێک ئەشەلێ و**
**بەڕەنگ و ڕوو زەردەڵەیە و**
**قژ ڕووتاوەیە و، وەلێ**
**تەندروستی تەختە و**
**جومگەکانی گەلێ باشە!**
(بێکەس، ب٦، ١٣٩٩، ٣٤٤)

لێرەدا شاعیر لە ڕێگای بەکەس کردنەوە وەسفی کورسیمان بۆ دەکات، بەو واتایەی دەیەوێت لە ڕێگای ئەو وەسفکردنەوە وێنای مرۆڤێکی بەتەمەنی کورتەباڵا و سەر ڕوتاوە و کەمێک شەل و تەندروست باشمان بۆ دەکات. بەمەش وەسف ڕۆڵی خۆی وەرگرتووە لە دەرخستنی کەسایەتییەکانی نێو دەقە واڵاکە.

لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا، زۆرجار ژانرەکان لە ڕێی گێڕەرەوە ئاماژەی پێدەکرێت، وەک لە دەقی (کورسی)دا بەرچاو دەکەوێت، زۆرجاریش ژانرەکانی خۆیان خۆیان نمایش دەکەن، لە دەقی (سروده بەردینەکان)دا دەقەکە لەسەرەتاوە تا کۆتایی بەیەک شێواز دەڕوات و لەنێو پرۆسەی خوێندنەوەدا ژانرە جیاوازەکان دەبینیتەوە، لە دەقی واڵای (ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە) بەپێچەوانەی ئەوانەوە شاعیر چەند ناونیشانێکی ناوەکی بۆ هەریەک لە ژانرە بەشداربووەکان بەکارهێناوە.

لە (ئێستا کچێک نیشتمانمە) بە شێوەی پەخشان سەربوردەی ژیان دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

**- ئەم کاتەت باش !**
**" من ناوم "شیعر" ە**
**خەڵکی ئەم زمانی**
**کوردییەم!**

**ڕۆژێ لەگەڵ سێ چوار چیرۆک و چەند شانۆنامەیەک و یەک دوو ڕۆمان و چەند ستوونێکی ڕۆژنامەوانیدا چووین بۆ لای نیشتمان. من بە شیعر سەربوردەی باخچە بێوەژنەکانم بۆ خوێندەوە. چیرۆک و حیکایەتی ئەو تاقمە چاویلکەیەم بۆ گێڕایەوە کە تەزویری خۆشەویستی ئەو ئەکەن و مەتر بەمەتری زەوی قوت ئەدەن و کە وەختێکیش نیشتمان بە شەو ئەنوێ لە گەرمەی خەودا پەنجە مۆری پێئەکەن. شانۆیەک هەستایە سەرپێ و ئەو شانۆنامە تراژیدیەی بۆ نیشتمان نمایشکرد، کە چۆن هەموو شەوێ بستێ دوو بستی جەستەی ئاودیو ئەکرێ و ئەکتەرەکانیش ئەوانە بوون کە پێشتر دایکیان و باوکیان و برا و خوشکەکانیان لە مەزاتێکی نێوان نیشتمان و ئەودیودا هەڕاج کرابوون...))(بێکەس، ٢٠١١، ١٢٠).**

لێرەدا شاعیر هەریەک لەو ژانرانە ڕۆڵ و ئەرکیان پێ دەبەخشێت کەوا چۆن هەریەکەیان بە زمانی خۆی یان بە شێوازی خۆیان پەرە بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەدەن. بەم شێوەیە لە دەقی واڵادا تەنها یەک ژانر لەخۆناگرێت، بەڵکو چەند ژانرێك ئاوێتەدەبن و ژانرێکی نوێ بەرهەمدەهێنن، هەر یەکەشیان خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیان دەپارێزن و هێڵێکی گێڕانەوەیی بەیەکتریانەوە دەبەستێتەوە، کەواتە لە دەقی واڵادا گێڕانەوە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت.

## ئەنجام

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp300-309

١. شێوازەکانی ئاوێتەبوون تەنها بەیەک ڕێگا ئەنجام نادرێت، بەڵکو دەکرێت لە ڕێگای چەند شێوازێکی جیاوازەوە بەرجەستە ببێ، لەم ڕوانگەیەوە؛ شێرکۆ بێکەس وەک شاعیرێکی هاوچەرخ، هەر لە سەرەتای ئەزموونی ئەدەبییەوە، ئاوێتەبوون وەک دیاردەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانیدا هەستی پێدەکرێت و سوودی لێوەرگرتووە.
٢. لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا بە شێوازی جیاواز دیاردەی ئاوێتەبوون هەستی پێدەکرێت، لەوانەش؛ ئاوێتەبوونی ژانرێک لەگەڵ ڕەگەز و توخمەکانی ژانرێکی تر بەبێ ئەوەی ناسنامەی ژانرەکە بگۆڕێت، نمونەی ئەم شێوازەش لەو دەقانەدا بەرچاودەکەوێت کەوا ڕەگەزی گێڕانەوە تێیاندا زاڵە.
٣. چیرۆکە شیعر، ڕۆمانە شیعر، پەخشانە شیعر، یەکێکن لەو ژانرە ئاوێتانەی لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی دوو ژانر لە ڕێگای ئاوێتەبوونی توخم و ڕەگەزەکانیان، هاتوونەتە ئاراوە، ئەمەش لە بەرهەمەکانی (ڕووبار، داڵ، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ، گۆڕستانی چراکان، ڕێگا درێژەکان،...هتد)دەبنیرێن.
٤. ئاوێتەبوونی ژانری شیعر لەگەڵ هونەری شێوەکاری و ئەندازەیی، یەکێکن لەو شێوازانەی ئاوێتەبوون کەوا لە شیعرەکانی شاعیردا بەرچاودەکەون، بەمەش فۆرمێکی شێوەکارییان بە دەقەکان بەخشیوە.
٥. دەقی واڵا یەکێکە لەو ژانرانەی سەردەم، کەوا لە ڕێگای ئاوێتەبوونی چەند ژانرێک لە بۆتەی یەک ژانری ئەدەبیدا بەرهەم دێت، شاعیر لەم شێوازی ئاوێتەبوونەدا چەند دەقێکی نووسیوە لەوانەش (سرووده بەردینەکان، کورسی، ئێستا کچێک نیشتمانمە، ملوانکە، ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە).
٦. لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا ئاوێتەبوونی ژانرەکان وەک دیاریدەیەک بەرچاودەکەوێت، بۆ ئەم مەبەستەش لەسەرجەمی بەرهەمەکانیدا ئاوێتەبوونی ڕەگەزەکانی گێرانەوە وەک تایبەمەندییەکی سەرەکی دەبینرێت لە شیعرەکانیدا.

**٧. سەرچاوەکان**

ئەحمەد، سافیە محەمەد، ٢٠١٣، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا،چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

ئەحمەد زادە، هاشم، ٢٠١٩، مێژوو بەراوێژی ئەدەب، چ١، چاپ و بڵاوگەی کتاب ارزان، سوید.

بێکەس، شێرکۆ، ١٣٩٩، کۆکراوەی دیوانی شێرکۆ بێکەس، ب١،ب٢،ب٤،ب٥،ب٦، انتشارات مادیار، سنندج.

بێکەس، شێرکۆ، ٢٠١١، ئێستا کچێک نیشتمانمە، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .

بەرزنجی، عەبدوڵڵا تاهیر، ١٩٩٩، دەقی بینینکاری و خوێندنەوەی، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ: ١٢ — ١٣، سلێمانی .

پیربال، فەرهاد، ٢٠٠٥، شیعری نوێی کوردی ١٨٩٨ — ١٩٥٨، چ١، دەزگای کوردستان، هەولێر .

حەمە ئەمین، باخان، ٢٠١٤، شیعری چیرۆکئامێز لە ئەدەبی کوردیدا (بە کەرەستەی کرمانجی خواروو، ساڵانی ١٩٩٠- ٢٠٠٠) نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی .

دەشتی، عوسمان حمد خضر(د.)، ٢٠٢١، ئاوێتە بوونی ژانرەکان لە شیعری ڕوانگەدا، گ:ڕامان، ژ: ٢٧٩ — ٢٨٠، ٢٨١ — ٢٨٢، دەزگای گوڵان، هەولێر.

ڕەئوف، لوقمان، ٢٠١١، سیماکانی پۆست مۆدێرنە لە ئایدیای شیعری شێرکۆ بێکەس، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

ڕەحمان، عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، ڕۆمانە شیعر مێژوو وسەرهەڵدان، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ڕەشید، فوئاد، ٢٠٠١، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا)، گ: ڕامان، ژ: ٦٥، دەزگای گوڵان، هەولێر .

ڕەشید، فوئاد، دەقی ئەدەبی "ئەدگار، چێژ، بەها"، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر .

سەعید، ناز ئەحمەد، ئەڤین ئاسۆس، ٢٠١٨، دیالۆگ و فرەدەنگی لە شیعرە فارسییەکانی مەحوی دا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ: ١٥، ڕانیە .

سەعدون، سامان عزالدین، ٢٠١٥، شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ: ٣، ب: ٢، ڕانیە .

View publication stats




عومەر، موحسین ئەحمەد، ٢٠١٢، فەرهەنگی ئەدەبی، چ١، چاپخانەی مەحوی، سلێمانی .

عەبدولوەهاب، كوردستان نادر، ٢٠١٦، تیۆری بونیادی دەق لە دەقەكانی شێركۆ بێكەس دا، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر .

مەولود، ڕیزان ساڵح، سەنگەر نازم، ٢٠١٨، ژانرە ئەدەبییەكان، چ١، ناوەندی ئاوێر، هەولێر .

مفتاح، محمد (د.)، ١٩٩٩، بونیادی شیعری بەرجەستەكراو، و: گ. ن، گ: گەلاوێژی نوێ، ژ: ١٢ – ١٣، سلێمانی .

مەحمود، محمد قادر، ٢٠٢٢، فۆرمەكانی دەقی شیعری هاوچەرخی كوردی (١٩٧٣، ٢٠١٠)، نامەی ماستەر، زانكۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

هالبێرگ و دانەرانی تر، پیتەر، ٢٠١٠، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، و: ئەنوەر قادر جاف، مەڵبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی.

هەینی، شێرزاد، ٢٠٠٨، نۆسەدو پەنجاوپێنج دەقیقە لەگەڵ شێركۆ بێكەس دا (هەڤپەیڤین و ئامادەكردن)، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.

الأسدی، حیدر علی، ٢٠١٩، تداخل الاجناس الادبیة وأثرها الجمالی فی النص المسرح العربی، ط١، دار أمجد للنشر والتوزیع، عمان .

ابو مصطفی، احمد، ٢٠١٥، تداخل الاجناس الادبیة، رسالة الماجستر، كلیة الاداب، الجامعة الاسلامیة، غزه .

جوه، احمد، ٢٠٠٩، بناء الشعری علی السرد فی نماذج الشعر العربی الحدیث، المجلد الاول ، مؤتمر النقد الدول الثانی عشر، جامعة الیرموك، اربد- عمان.

حمدامین، مسعود سلیم، ٢٠١٤، تداخل الفنون فی قصص القیسی القصیرة، مجلة جامعة كویە، عدد ٣١، كویە .

دومة، خیری، ١٩٩٨، تداخل الانواع فی القصة المصریة القصیرة، الهیئة المصریة العامة للكتاب، قاهرة ،

عروس، بسمە، ٢٠١٠، التفاعل فی الاجناس الادبیة، مؤسسة الانتشار العربی، بیروت.

فوغالی، بادیس، ٢٠٠٨، السرد الروائی واتداخل الانواع روایة (جسر البوح و آخر للحنین) لزهور ونیس انموذجا، المجلد الاول، مؤتمر النقد الدول الثانی عشر، جامعة الیرموك، اربد – اردن .

منصوری، نجاح، ٢٠١٥، فی حدود تجنیس الادب (الفراشات والغیلان) لعزالدین جلاوجی انموذجا، مجلة مقالید، عدد: ١٥

ویلك و وارین، رینیة ، ئوستن، ١٩٩١، نظریة الادب، ت: عادل السلامة، دار المریخ للنشر، ریاض.

وهبة، مجدی، ١٩٧٢، معجم المصطلحات الادب، مكتبة لبنان، لبنان .

داد، سیما، ١٣٨٥، فرهنگ اصطلاحات ادبی، چ٣، انتشارات مرداريد، تهران .

دوبرو، هدر، ١٣٩٥، ژانر، ت: فرزانه طاهری، چ٢، نشر مركز، تهران .

سیروس، شمیسا، ١٣٨٧، انواع ادبی، چ٣، انتشارات تابش، تهران.


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp300-309